بۆ گشت کۆمپانیاکانی تایبەت بە دابین کردنی ئامێری پزیشکی

تکایە ئۆفەری خۆتان پێشکەش بکەن بۆ ئەم ئامێرانەی کە ڕاگەینراوە دووا کات بۆ پێشکەش کردنی ٢٠١٨/١٠/١١ کاتژمێر ١٢ پێش نیوەڕۆ شوێنی گەڕانەوەی تەندەر بەشی **(دەرمان و پێداویستی پزیشکی)**.

**ئەندازیار** 2.10.2018

**پۆلا سعدی علی**

ئەندازیار
پۆلا سەعدی عەلی
بەڕێوەبەری بەشی ئامێرە پزیشکی

Processed by FREE version of
Jet Scanner Lite

الكشف التخمينى الخاص لشراء الاجهزة الطبية لقسم الاشعة

دەرخستەی تایبەت بە کرینی ئامێری پزیشکی / بەشی تیشک

## (Ultrasound, Echo, CR, X-ray film processor)

| Total cost | Unit cost | Qty | Item | |
|---|---|---|---|---|
| | | 3 | Ultrasound<br>Digital ultrasonic diagnostic<br>Imaging system<br>Silicon control panel<br>Hospital type<br>Less fatigue for long time scanning standard configuration main unit<br>Non- interlaced monitor 19" inch><br>Trancduesser connectors frame<br>Frame image storage<br>USB port<br>Measurement and software calculation with probes:<br>-convex array (2.5-5MHZ)<br>-linear array (5-10MHZ)<br>With printer<br>Origen: Europe, USA, Japan | 1 |
| | | 1 | ECHO<br>Echo cardiograph imaging system<br>Standard configuration main unit<br>Non- interlaced monitor LED 19" inch><br>Color Doppler, 2DTM- mode, PRF<br>Capable of returning the pictures in different colour (chroma)<br>USB port<br>2D,real time Imaging<br>-Probe Trans Esophageal<br>-Myocardial ischemia<br>Origen: Europe, USA, Japan | 2 |
| | | 2 | CR Computed radiography<br>X-ray film picture to digital picture<br>IP scanner, computer control contain software (console)<br>Cassette contain IP plate<br>C Slots (2 for insertion) at high resolution<br>Laser printing for general radiograph (72-60)/h<br>Cast different sizes (per order and costumer usage)<br>Output image (printer or (PAC)S system)<br>Origen: Europe, USA, Japan | 3 |
| | | 3 | X-ray film processor<br>Automatic film processor<br>Processing time: 90 seconds(leading edge transport)<br>Processing capacity: 50-350 mixed film sizes per hour<br>Easy operation<br>Developer & fixer<br>Good quality<br>Origen: Europe, USA, Japan | 4 |
| | | | | المجموع الكلي: |

Processed by FREE version of
Jet Scanner Lite

**بەشی یەکەم :- مەرجە گشتیەکان (شروط العامە)**

١-بەشداربوو تەندەرو بەلگەنامەکان لە زەرفێکی داخراودا بگەڕێنییێتەوە و هەموو شوێنە دیاری کراوەکان پر بکاتەوە و نرخەکان بە ژمارە و نوسین دیاری بکات. بە پێچەوانە خۆی بەرپرسیارە.

٢-لە رۆژی گەرانەوەی تەندەر دەبێت کۆمپانیا ئەم بەلگانە لە گەل تەندەرەکە پێشکەش بکات بە پێچەوانەوە تەندەرەکە رەت دەکرێتەوە.

ا-مۆلەتی دامەزراندنی کۆمپانیا نوێکرابێتەوە بۆ سالی (٢٠١٨).

ب- پشتگیری بەرێوبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی کوردستان.

ج- ئەستۆپاکی باجی دەرامەت بۆ سالی ٢٠١٨.

٣- تەندەر نابێت کراندن یان سرینەوە و حبری سپی لە سەر بەکار هاتبێت بە پێچەوانەوە ئەو تەندەرە پشتگوێ دەخرێت.

٤- پێویستە سەرجەم لاپەرەکانی تەندەر و سەرجەم بەلگەکان بە (مۆری کۆمپانیا ) مۆر کرا بێت و واژوو کرا بێت.

٥- سەرجەم خال و برگەکانی ئەم تەندەرە دەبێت بەشێکی دانەبراو لە گرێبەستەکە و لایەنی یەکەم مافی هەیە مەرجی نوێ دیاری بکات لە کاتی مۆر کردنی گرێبەست و کۆمپانیا پابەند دەبێت بە جێ بە جێ کردنی.

DOH Hawler
Biomedical Dept



Processed by FREE version of
Jet Scanner Lite

٦- پێشکەش کردنی نرخ بە دیناری عراقی دەبێت.

٧- هێچ تەحەفوزێك (تحفظ) قبول ناکرێت.

٨- ئەم گرێبەستە پەیوەستە بە رێنمایەکانی جێبە جێکردنی گرێبەستە گشتیەکانی حکومەت ژمارە (٢) ی سالی ٢٠١٦.

٩- لایەنی یەکەم (ب.گ.ت.هەولێر) مافی (کەمکردنەوە، زیاد کردن ، گۆرانکاری )لە ماوەی گرێبەستەکە بە پێی بەرژەوەندی گشتی و لایەنی دووەم پابەندە بە جێبە جێ کردنی .

١٠- مەرج نیە کارەکە بدرێتە کەمترین نرخ کە کۆمپانیا پێشکەشی کردووە ئەگەر لە حسابی کوالیتی کارەکە بێت.

١١- کۆمپانیا دەبێت وێنەیەك لەو تەندەرەی پێشکەشی دەکات (العتاالمقدم)لای خۆی کۆپی بکات بەرێوبەرایەتیمان پاش کردنەوەی تەندەرەکە وێنەی کۆپی بە هیچ کۆمپانیایەک نادات.

١٢-کۆمپانیا خۆی کارەکانی جێبەجێ دەکات و مافی نیە کارەکانی بدات بە بەڵێندەرێکی تر.

١٣- ئەو لایەنەی کارەکەی بۆ دەربچێت برێ (%٥) لە سەدا پێنچ کۆی تێچونی کارەکە وەك بارمتەی یاسایی بە شێوەی (خطاب ضمان) یان چەکی پەسەند کراو پێشکەش دەکات . تاکۆتایی ماوەی گرێبەستەکە لە بەشی ژمێریاری دیوانی بەرێوبەرایەتیەکەماندا دەنێت.

بەرێوبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر
بەشی ئامێرە پزیشکیەکان
DOH Hawler
Biomedical Dept



Processed by FREE version of
Jet Scanner Lite

١٤-كۆمپانیا مافی هەیە تاوەکو رۆژی پێش گەرانەوەی تەندەر مافی تێبینی وسرنج و پرسیاری هەیە بە نوسراوی فەرمی ئاراستەی بەشی گرێبەستەکانی بەرێوبەرایەتیەکەمان بکات.

١٥- کۆمپانیاکان دەتوانن بە هاوپەیمانی(أئتلاف الشراکه joint venture) بەشداربن((فان العطاءات المعدمه من قبل أئتلاف شراکه (joint venture ) ،يجب حن تکون مصوبة بأتفاقية شراکة مصادق عليها من کاتب العدل أوخطاب موقع من کافة أعضاء الأئتلاف يعلن فيه الأعضاء عن نيتهم لا برام شراکة فی حالة تم أحالة المناقصة علی الأتلاف ، ويرفق بالخطاب مسودة أتفاقية الشراکة)).

١٦- مەرجە گشتی و تایبەتیەکانی گرێبەست (الشروتالعامة والخاصهللعقد). لە سەر کۆمپانیا بەشداربوو جێبەجێ دەکرێت.

**مەرجە تایبەتیەکان(شروط الخاصه)**

١- کۆمپانیا مافی گۆرانکاری نییە لە (بڕ-جۆر-کوالیت)ی ئەوەی لە لیستەکە دیاری کراوە و داواکراوە.

٢- بەرێوبەرایەتی گشتی و دەزگای تەندروستیەکان بە پرس نیە لە هەر زیانێك لە کرێکارەکانی کۆمپانیا بکەوێت بە هۆی ئەنجامدای کارەکانیەوە.

٣- کۆمپانیا (لایەنی دووەم ) لەسەر ئەرك و خەرجی خۆی پابەندە بە :-

أ- گەیاندنی پێداویستیەکان بۆ ئەو شوێنەی بەرێوبەرایەتی گشتی بۆی دیاری دەکات.

بەرێوبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر
بەشی ئامێرە پزیشکیەکان
DOH Hawler
Biomedical Dept



Processed by FREE version of
Jet Scanner Lite

ب- بارکردن و گواستنەوە و داگرتنی سەرجەم پێداویستیەکان لە سەرچاوەی هاوردن تاوەکو کۆگاو شوێنەکانی لایەنی دووەم.

٤- کۆمپانیا پابەندە (شهادە المنشا) پێشکەش بکات.

٥- دانان و دامەزراندن و بەستانی ئامێرو وەرەنتی بۆ ماوەی سێ سال دوای دامەزراندن و ئیشی پێ کردن.

٦- سازدانەوەی بۆ ماوەی دوو سال دوای تەواو بوونی ماوەی وەرەنتی.

٧- راهێنانی کارمەندان لە شوێنی کارو ئامێر.

٨- هێنانی کەتەلۆکەکانی (operation & service manual)

٩- مۆدێلی ئامێرەکە لە سالی ٢٠١٥ بەسەرەوە بێت.

١٠- دروستکراوی ئامێرەکە دیار بێت(brand) لە پێشنیارو لە ئامێرەکەش ئاماژەی پێکرا .

١١- مەرج نیە کۆمپانیا پابەند بێت بە هێنانی پێشنیار بۆ هەموو ئامێرەکانی دەرخستە.

DOH Hawler
Biomedical Dept



Processed by FREE version of
Jet Scanner Lite